# بەعسیەکان هێشتا لە سلێمانین

## تەهائەمین هەڵەدنی

دڵنیاییان کە زۆربەی ئەندامانی یەکێتی بەو ڕەفتارە بەعسیانەی ئاسایشی سلێمانی، دژ بە خۆپیشاندەرانی کە بۆپشتگیری لە ڕاپەڕینی باکووری کوردستان، هەروەها دژی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، نیگەرانن، هەست بە شەرمەزاریەکی مەزن دەکەن. چۆن هەست بەشەرمەزاری نەکەن، چونکە کاتێک، ئەوان بە مافی ڕەوای خۆیانیان دەزانی، لە ئەنجامی، گیرانی ئەندامانی ی ن ک کان ، ڕژێمی بەعسیان بە دیکتاتۆر و ڕەفتار فاشی ناوزەبکەن. چونکە بەعسیەکان بەزۆر خەڵکیان دەکردە بەعسی، بەزۆر کوتەک دەیان ویست خەڵکی دەمکووت بکەن، بەعسیەکان لەسەر بچوکترین پرۆتێست، سەدهاو بگرە هەزارەهایان ڕەوانەی زیندانەکان کرد. ئێستا ئەندامانی ی ن کافەکان دەبینن کە لاسایی بەعس دەکەنەوە، ئایا ئەندامانی ی ن ک کافەکان ئەو خەنجەرەیان بۆ کەیە؟
ئەوەتا خۆ بە چاو گوێی خۆیان دیتیان، ئاسایش، بەعس ئاسا پەلاماری خەڵکی سڤیلی بێچەک دەدەات، چەنکە خۆپیشاندەران هەستاون کارێکی پیرۆزیداو نیشتیمانی. ئەندامانی ی ن ک دەبینن کە گۆڕان تەنها لە ناوەکاندا کراوە، بەعس بوو بە یەکتێی، سەدام بوو بە جەلال و هیچیتر.
خۆ، پیشاندەرانی سلێمانی، مۆنەمێنتی هەڵەبجەیان نەسووتاند؟
خۆ وەک بەشمەینەتەکانی کەلار دەستیان بۆ جزدانەکەتان ڕانەکێشا؟
یان ئەگەری ئەوە دەکەن، کە لەکۆتاییدا، ئەو جۆرە خۆپیشاندانە ئاوی ئاشی جزدانەکاتان ووشک دەکات. ئاسایشیش وەک میتی توورک بە پرۆتێستەکانی گەلی کورد دڵگرانە، ئەمە مەتەڵەو هەڵیبێنە.
یان ئاسایش میتی تورک بەڕێوەی دەبات.
مەگەر ئەوە نیە ئەردۆغان وەک قەلەڕەش دەقیرێنێ بەسەر کورداو جەلالیش بۆی دەسێنێتەوە.
ئاخر، لەداوی ناماقوڵیەکانی ئەردۆغان گۆران پێرشۆنی سەرەک شالیاری سوید ووتی: ئەردۆغان نەخۆشە، ئەدی بۆ جەلال تاڵەبانی پشتگری لە ئەردۆغان دەکات؟
دیارە جەلال تاڵەبانیش وەک ئەردۆغان نەخۆشە، یا خەرەفاو. یا جەلال تالیبانی هەر ئەوە پیشەی بوە.
ئاخر، خۆپیشاندەرانی سلێمانی، هاوخەمی خۆیان دەربڕی، دژی کیماوی بارانی توورکە فاشستەکان، دژی دڕندەکانی سەردەم خەڵکی سلێمانی ڕاپەڕین. بۆیە کوتەکەکەی بەعس دیاسانەوە کەوتە گیانی بێ چەکانی و سڤیل.
ئەمەیە گازەندەی سۆسیال دیمکراتیەکەتان، نفرەت لە سۆسیال دیموکراتیش، ئەگەر شەرمەزارتان نەکەن.

لە سیستێمی سۆسیال دیموکراتیدا، مەدیا و ئازادی بیروڕا ئازادە، تا ئاستی گومان لێنەکراو. بەلام ئەوە ئێوەن ناچارمان دەکەن کە تەماشای ئەلجەزیرە بکەین. چونکە ناتوانن ڕاستیەکان بەگەل بلێن.
ئاوا دوای دیموکراتیتان لە بەعس دەکرد، شەرمەزار بن وا بەعستان خەجالەت کرد.
کاتی گفتوگۆ نەهاتوە، دوژمن دەوری داوین، ئەرێ کەی کاتی گفتووگۆ دێ، کە ئەمریکا ناوچەکە بەجێبهێلێ؟
نازانم جزدانەکەتان جێگەی ماوە یا نا، داخۆ دەبێت جزدانەکەتان چەند گەورە بێت؟
دەک ڕوحتان چێ، سۆسیال دیموکرات، کە بەعستان خەجالەتکرد، ئێوە لە مندالی شیرەخۆرەش تۆقیون. بەعس هەرگیز مندالی شیرەخۆرەی دادگای نەکرد.
سێکتر لە خۆتان، لە سۆسیال دیموکراتان.
بەم شێوە دەتانەوێت، ببنە نمونەی دیموکراتی، دەک ڕوحتان چێ، سەدام هەرگیز شیرەخۆرەی دادگای نەکرد.
15 سالی پێچوو، کە سەرکردەکانی فەلەستنی بەدرۆ دژی کۆمەل کوژی خۆتەقاندنەوە ڕاوەستن. یاسر عەرەفات لە سەرەتادا، بە ئاشکرا هاودەنگی خۆتەقاندنەوە بوو، ئەو ووتی: قومبەلەی مرۆڤی بەردەوام دەبێت، تا بەدوا ئاواتمان دەگەین. عەرەفات هەروەک وەک تەواوی سەرکردە ئیسلامیەکان، هەرگیز گرنگی بە سەرکۆنەی لایەنە مرۆڤ دۆستەکان نەدا، تا کاتێک زانی کە ئیتر خۆتەقاندنەوەش کاریگەریەکی وای نیە، کەمێک لای شل کرد.
ئەوێرین بلێین کە مەحمود عەباس یەکەم کەسە کە بەتووندی هێرش بکاتە سەر خۆتەقێنرەکان و بەزامنێک و کلتورێکی عەرەبی ووتی: (حقیر). دلنیاشین کە عەباس سەرۆکی فەلەستینیەکان، تەنها بە ڕووکەش ئەو هێرشە توونددەکاتە سەر خۆتەقێنەران. بەکورتی خۆتەقێنەرانیش کۆتاییان دێت وەک کۆتایی سەرجەم دیکتاتۆرەکان. لە کۆتایدا سەرکەوتن تەنها بۆ ووشەی ڕاست گۆکانە. بۆیە تا ڕۆژێک زووتر پشت لەگەندەلی و دیکتاتۆری بکەونەوە شەرەفمەندانەترە بۆتان. چونکە بێدوودلی ئەو ڕۆژە هەردێت، جائەگەر وەک فەلسە ئەلێ: بۆ زگی خۆتان بژین بەر نەفرەتی مێژوو دەکەون.
مەبەستمانە، بلێین، ئێوەش وەک فەلەستینیە تیرۆریستەکان لەگەل خۆتان وجیهانیاندا ڕاست ناکەن.
پێشینان جوانیان ووتوە: شەرم دلۆپێکە، کە ڕژا، ڕژا.